زانکۆی سەلاحەدین ــ هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# بەراوردی دەمی کاری رابردوو لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا

پرۆژەی دەرچوونە
پێشکەش بە بەشی (کوردی) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (زمان)

ئامادەکراوە لە لایەن:
رشوان جعفر حمدامین

بە سەرپەرشتی:
د.رێژنە سیف الدین حسن

نیسان ــ ٢٠٢٣

## سوپاس و پێزانین:

- زۆر سوپاس بۆ خودای گەورە کە تەمەن و هێزی پێ بەخشیم تا بگەم بەم قۆناغە و ئەم توێژینەوەیە تەواو بکەم.
- زۆر سوپاس بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم کە هەموو کات پاڵ پشتم بوونە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانم.
- سوپاسێکی بێ پایانم بۆ (د.رێژنە سیف الدین) کە زۆر هاوکارم بووە و ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ.
- هەموو ئەو کەسانەی گەر بە وشەیەکیش بێت یارمەتیان داوم.

**پێشکەشە بە:**

- گشت قوتابیان و مامۆستایانی کۆلێژی زمان بە تایبەت بەشی کوردی.
- هەموو ئەو کەسانەی یارمەتیان داوم گەر بە وشەیەکیش بێت.
- هەموو ئەو کەسانەی سود لەم توێژینەوەیە وەردەگرن.
- هەر کەسێک کە مەبەستی فێربوون و وەرگرتنی زانستە.

## پوختە:

کار یەکێکە لە بابەتە هەرە سەرەکیەکان لە زمانی کوردی و هەموو زمانانی تر، خۆشبەختانە گرنگیەکی زۆر بەم بەشەی زمان دراوە هەرچەندە لە لایەنی کار لە روی کاتەوە وەک پێویست لێی نەکۆڵدراوەتەوە، کار ئەو کەرەسە سەرەکیەی زمانە کە ڕووداني کار یان بارودۆخێک لە ڕابردوو یان ئێستا یان داهاتوو نیشان دەدات و کار چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کە لە هەموو کەرەسەکانی تری زمان جیای دەکاتەوە، دەتوانین بڵێین کار سەرەکیترین بەشی رستەیە چونکە رستە بەبێ کار دروست نابێت، ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (بەراوردی دەمی کاری رابردوو لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا)، لەم توێژینەوە لە سەرەتادا بە شێوەیەکی گشتی چەمک و پێناسەی کار باس کراوە و چەندین پێناسەم بۆ کردوە، وە پاشان تایبەتمەندیەکانی کارم باس کردوە و بۆ هەر یەکێکیان شیکردنەوەی تەواوم بۆ کردوە بە هێنانەوەی نمونەی پێویست، پاشان باسم لە کاتەکانی کار کردوە و کارم لە روی کاتەوە شی کردۆتەوە کە دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێک، پاشان باسی دەمی رابردووم کردوە چەندین پێناسەم باسکردوە و شێوازی رۆنانیم شی کردۆتەوە بە نمونەوە، پاشان باسی دەمی رانەبردووم کردوە و چەندین پێناسەم بۆ هێناوەتەوە و شێوازی رۆنانیم شی کردۆتەوە و بە هێنانەوەی نمونەی پێویست بابەتەکەم بە پێزتر کردوە، هەروەها باسی چەند تایبەتمەندیەکی رابردووم کردوە، لە بەشی دووەم باسی جۆرەکانی رابردووم کردوە لە هەردوو زمانی کوردی و فارسی و بەراوردی دەمی رابردووم کردوە لە نێوان هەردوو زمانەکەدا و باسی لایەنی لێکچوون و جیاوازی دەمی رابردووم کردوە لە نێوان هەردوو زمانەکەدا، لە کۆتایدا توێژینەوەکە بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی پێ هاتووە.

| ناوەڕۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| سوپاس و پێزانین | أ |
| پێشکەشە بە | ب |
| پوختە | ج |
| پێشەکی | 1 |
| **بەشی یەکەم** | 2 |
| چەمک و پێناسەی کار | 2-3 |
| تایبەتیەکانی کار | 4 |
| کاتەکانی کار | 5 |
| کاری رابردوو | 6 |
| کاری رانەبردوو | 7-9 |
| چەمک و زاراوەی رابردوو | 10 |
| پێناسەی دەمی رابردوو | 10 |
| تایبەتمەندیەکانی دەمی رابردوو | 10 |
| **بەشی دووەم** | 11 |
| جۆرەکانی دەمی رابردوو لە زمانی کوردی | 11-14 |
| جۆرەکانی دەمی رابردوو لە زمانی فارسی | 15-21 |
| بەراوردی دەمی رابردوو لە نێوان زمانی کوردی و فارسی (لایەنی لێکچوون و جیاوازیان) | 22-26 |
| ئەنجام | 27 |
| لیستی سەرچاوەکان | 28-30 |

# پێشەکی

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (بەراوردی دەمی کاری رابردوو لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا) کە بە شێوەیەکی گشتی تیشک دەخەینە سەر کار و بە تایبەت دەمی رابردوو و رێژەکانی و بەراوردی دەمی رابردوو لە نێوان هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بابەتی کار بابەتێکی سەرەکی زمانە و هەروەها لە روی کاتەوە وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لە بارەوە نەکراوە زیاتر لە ڕوی هێزەوە لە کار کۆڵدراوەتەوە، هەروەها دەمی رابردوو بەکارهێنانی زۆرە و جۆری زۆرترە لە دەمەکانی تر، هەروەها بە پێویستم زانی بەراوردی دەمی رابردووی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی فارسی بکەم چونکە لایەنی لێکچوون و جیاوازی لە نێوانیان دا هەیە کە رەنگە زۆربەی خەڵک پەی پێ نەبردبێت، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم بابەتە هەڵبژێرم.

## سنوری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە دەتوانین بڵێین سەر بە ئاستی (وشەسازی و رستەسازی)یە چونکە بابەتی کار خۆی لە هەردوو ئاست دەبینێتەوە، بە گشتی باس لە کار و دەمی رابردوو دەکەم و بەراوردی دەمی رابردوو دەکەم لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا.

## ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و پوختە و ئەنجام و سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکهاتووە
بەشی یەکەم تیۆریە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت (چەمک و پێناسەی کار، تایبەتیەکانی کار، کار لە روی کاتەوە، کاری رانەبردوو، کاری رابردوو پێناسە و تایبەتمەندیەکانی)
بەشی دووەمی تەرخانکراوە بۆ (جۆرەکانی دەمی رابردوو لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا و بەراوردکردنی دەمی رابردوو لە نێوان هەردوو زماندا).

# بەشی یەکەم

## چەمک و پێناسەی کار:

کار لە زمانی کوردیدا چەندین زاراوەی تری وەک (کردار، فرمان، کار، فعل)ی بۆ بەکاردەهێنرێت کە مەبەست لێی ئاماژەدانە بەو کەسە سەرەکیەی ناو رستە کە روودان و کاتی تێدایە و باسێک یان زانیاریەک دەربارەی بکەری رستەکە دەخاتەڕوو.
لە زمانی کوردیدا چەندین پێناسەی جیاجیا بۆ کار کراوە لەوانە:

- کار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە ڕودان و کاتی تێدایە، مەبەست لە ڕودانەکە ئەوەیە کە شتێک رویدابێ یان ئەنجام درابێ، مەبەستیش لە کات ئەوا کاتی رابردوو و رانەبردوو دەگرێتەوە. (خۆشناو،٢٠١٥: ٨١).
بە پێی ئەم پێناسەیە کار سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆژیە و بەشێکی ئاخاوتنە، کە کات و روودانی تێدایە.

یان بەوە پێناسە دەکرێ:-
- کار: ئەو بەشەیە (واژە، یا دەستەواژەیە) لە ڕستەکەدا، کە پێمان ئەڵێ (بکەر) چی کردوە، وە یا چی ئەکا (ئەمین،٢٠١٤: ٤٩).
ئەم پێناسەیە کار بە دەستاوەژەیەک دادەنێت کە شتێک لە بارەی بکەرەوە رادەگەیەنێت.

- هەروەها نوری عەلی ئەمین لە بارەی پێناسەی فرمان دەڵێت:
فرمان ئەو وشەیەیە کە خەبەری پێ لە کاری کەسێک یان شتێ ئەدرێ لە تافێکا.
(ئەمین،٢٠١٤: ١٦١).
ئەم پێناسەیە کار لە رووی رستەسازیەوە پێناسە دەکات کە باسێک لە بارەی کەسێک یان شتێک رادەگەیەنێ لە کاتێکدا.

- عەبدولواحید مشیر دزەیی دەڵێت: (کار دەربڕینە بۆ ڕوودانی کارێک لە کات و شوێنێکی تایبەتی دا).
(دزەیی،٢٠١٥: ٨٢).
ئەم پێناسەیە کار بە دەربڕینێک دادەنێت کە کات و شوێنی تێدایە.

- رفیق شوانی ئەم پێناسەیە بۆ فرمان دەخاتە ڕوو:
فرمان: بەشێکی ئاخاوتنە، روداو، کارو کردەوە، بزوتنەوە و چۆنیەتی(حاڵەت) و زەین و سەرنج دەگەیەنێت و بەندە بە کەس و کات و ژمارە و گوزارەوە(هەواڵ). (شوانی،٢٠١٤: ٧٧).
بە پێی ئەم پێناسەیە کار بەشێکی ئاخاوتنە کە جوڵە و چۆنیەتی و حاڵەت دەگەیەنێت لە روی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بکەر رێکدەکەوێت.

**هەروەها کار لە چەند روویەکەوەش پێناسە کراوە، لەوانە:**

**1) لە روی فۆرمەوە:**

لەم ڕوەوە کار چەندین مۆرفیمی جیا جیای دەچێتە سەر کە واتا و ئەرکی دەگۆڕن.

**2) لە روی واتاوە:**

وشەیەکە روداوێک یا بارێک پیشان دەدات لە کاتێکی دیاریکراودا.

**3) لە روی ئەرکەوە:**

کار لە ڕستەدا ئەرکی گوزارەی پێ دەسپێردرێت.
(عبدالله،١٩٩٦: ٥).

کەواتەکار وەکو بەشێکی سەرەکی ئاخاوتن کەس و کات و ژمارەی تێدایە و لەگەڵ بکەری رستەکە رێکدەکەوێت. کە کەرەسەیەکی سەرەکیە و ناتوانرێ لە رستە لابدرێ.

## تایبەتیەکانی کار:

رفیق شوانی ئەم چەند تایبەتمەندیەی کار دەخاتەڕوو:

1. لە رووی پێکهاتنەوە بەندە بە ئاستی وشەسازیەوە.
واتە بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، لە رووی رۆنانەوە سەر بە ئاستی وشەسازیە.
بۆ نمونە: کاری (خوێند)، لە رووی رۆنانەوە تەنها وشەیەکە و بەندە بە ئاستی وشەسازیەوە.

2. لە رووی ئەرکەوە گەردانکردنی دەکەوێتە ئاستی رستەسازیەوە.
کار وەک کەرەسەیەکی مۆرفۆلۆژی لە رستەدا ئەرک دەبینێت و گەردانەدەکرێت.
واتە: کاری وا هەیە کە تەنها خۆی دەبێتە رستەیەک، بۆ نمونە: (هات) کە لە ئاستی رستەسازی بە رستە دادەنرێت چونکە هەموو پێداویستیەکانی رستەی تێدایە کە ئەویش بریتیە لە (رەگی کار و پێداویستیەکانی).

3. کەس، کات ژمارە، رووداو، حاڵەت و چۆنیەتی، ئاراستە و رێژە مودی تێدایە.
بۆ نمونە: دەخوێنم . دەخوێنم رووداوی تێدایە و کەسی یەکەمە و لە دەمی رانەبردووە.

4. لە رووی هێز و کات و رێژە و دیار و نادیارییەوە دابەش دەکرێت بۆ:
( فرمانی تێنەپەڕ و تێپەڕ، رابردوو و ئێستا و ئاینده، داخوازی و مەرجی، بکەر دیار و بکەر نادیارەوە).

5. لە روی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بکەردا رێکدەکەوێت.
بۆ نمونە: (ئێمە دەرۆین) لە روی کەسەوە جێناوەکە کەسی یەکەمی کۆیە (ین)، بکەرەکەشی کەسی یەکەمی کۆیە (ئێمە).

6. لە رووی پێکهاتنەوە سادە، دارێژراو، لێکدراوی هەیە.
هەرچەندە هەندێک لە رێزمان نوسان پێیان وایە کە کار لە رووی رۆنانەوە سادە و ناسادەیە، بەڵام هەندێکی تریان پێیان وایە هەموو کارێک لە روی رۆنانەوە ناسادەیە چونکە ئەگەر شی بکرێتەوە لە (رەگی کار + م.کات + جێناو) پێکدێت.
<u>دەکات:-</u>
دە: م.کات
ک: رەگی کار
ات: جێناو

7. ئیدیەم پێکدەهێنێت بە تایبەتی لێکدراوەکانی.
نمونە: (پێخوران، دەست بڕ، دڵ شکان...هتد).
(شوانی،٢٠١٤: ٧٩)

## کاتەکانی کار:

چەمکی کات لە بنەڕەتدا دابەشی سێ بەشی سەرەکی ئەبێ: کاتی ئێستا، کاتی رابردوو (پێش ئێستا) و کاتی داهاتو (دوای ئێستا). ئاڵۆزی ئەم چەمکە لە ئەنجامی لێکدان و تێکەڵبوونی ئەم بەشانە ڕوئەدا. (پلەی ئاڵۆزی سیستەمی کات پەیوەندی بە دەربڕینەوە نیە. هەچ کاتێک بە هەچ زمانێکی سیستەم ئاڵۆز دەربڕابێ، هەچ زمانێکی سیستەم سادەش دەتوانێ بە یارمەتی ئاوەڵکارەوە دەری بڕێ). بەڵام مرۆڤ هەردەم هەوڵ ئەدا، کەمترین وزە (کەرەستەکانی زمان) خەرج بکا بۆ دەربڕینی زۆرترین واتا. بۆیە چەمکی کات پتر بە مۆرفیمی بەندی کورت دەرئەبڕرێ و ئەگەر پێویست بو بە ئاوەڵکار پتر ورد و نزیک ئەکرێتەوە. بۆ نمونە:

دوێنێ
ئەگەر ڕێگە هەبوایە، ئەمرۆ ئەچوم بۆ هەولێر
بەیانی
(ڕەسول،١٩٩٥: ٩٦).

چەمکی کات چەمکێکی ئاڵۆزە، هەر بۆیە وریا عمر ئەمین دەڵێت" کات لە رێزمان ئەبێ جیا بکرێتەوە لە کاتی فیزیاوی چونکە لە زۆر حاڵەتا یەک ناگرنەوە. گەلێ جار فەرمان لە رستەدا رەگەکەی بە پێی شیکردنەوەی رێزمانی لە کاتی رابردوودایە کەچی ڕووداوەکە لە داهاتوودا ڕوو ئەدا و بە پێچەوانەوەش، بۆ نمونە لە ڕستەی: بەیانی کە هاتم کتێبەکەت بۆ ئەهێنم.
فرمانی (هاتم) لە ڕوی دارشتنی رێزمانییەوە کاتەکەی رابردووە بەڵام ڕوداوەکە واتە (هاتنەکە) لە کاتێکی داهاتودا ڕوو ئەدات کە (بەیانی)یە.
حاڵەتی واش هەیە فەرمانەکە بە ڕەگی داهاتوو دائەرێژرێ کەچی ڕووداوەکە لە کاتێکی رابردوو ڕووی داوە، وەک لە فەرمانی ڕستەی بکەر نادیاردا. لە ڕستەی: پیاوەکە دوێنێ کوژرا.
فرمانی (کوژرا) بە ڕەگی داهاتووی فەرمانی (کوشتن) کە (کوژ)ە داڕێژراوە کەچی ڕووداوەکە لە کاتێکی رابردوودا ڕووی داوە کە (دوێنێ)یە.(ئەمین،٢٠٠٤: ١٣٢).

کەواتە کاتی ڕێزمانی جیاوازە لەو کاتە فیزیاییەی کە جیهانی مادیمان لە خۆی دەگرێت، کار بە گشتی لە کاتێکدا نامێنێت و هەردەم یەک کات نیە هەردێ و تێدەپەڕێ. (ئەحمەد، ٢٠١١: ١١٤).

بۆ کات پێویستە جیاوازی لە نێوان (Time) (Tense) (Aspect)دا بکەین، تایم، کاتەکانی (رابردوو، رانەبردوو) دەگرێتەوە، تێنس، کاتەکانی (رابردوو، رانەبردوو، ئێستا) دەگرێتەوە نەک داهاتوو، ئەسپێکت پەیوەندی بە مۆدالیتی یەوە Modality هەیە، چونکە قسەکەر کار و ئاوەڵکار بەکاردێنێت بۆ دەربڕیندەربارەی کەسی لە دەوروبەرێکی دیاریکراو.(دزەیی،٢٠١٥: ٨٣).

کاتی رێزمانی بەندە بە هۆش و ئاگای ئاخێوەرەوە، کاتی ئێستا وەک یەک کەوتن لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا تەماشا دەکرێ، کاتی رابردوو وەک پێش ئەو دەمە، کاتی ئایندەش وەک دوای. لە ڕاستیدا جیاکردنەوەی کاتەکانی رێزمانی بە پێی مەبەستی ئاخێوەر (یان نوسەر) دیاری دەکرێن. (مارف،٢٠١٤: ١٨٧)

## کار لە ڕوی کاتەوە:

**کار لە ڕوی کاتەوە بەسەر رابردوو و رانەبردوو دابەش دەکرێت:**

## کاری رابردوو:

لە زمانی کوردیدا کاری رابردوو چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە:

ئەو کارەیە، کە ڕوودانەکەی دەکەوێتە پێش ئاخاوتنەوە، واتا ڕوودانی کارەکە بەسەر چووە و ڕوویداوە. (خۆشناو،٢٠١٥: ٨١) .

د.ئەورەحمانی حاجی مارف دەربارەی کاری رابوردوو دەڵێت:( کرداری رابردوو ئەو کردارەیە، کە پرۆتسێسی ڕوودانەکەی پێش ئاخاوتن بکەوێ) (مارف،٢٠١٤: ٢٠٠).

کردەی کرداری رابردوو بەر لە چرکەی قسەکردنی قسەکەر ڕوویداوە و دەشێت تا_تەواویش بێت. (مەحویی، ٢٠١١: ١٧١).

عبداللە شاڵی دەربارەی کاری رابردوو دەڵێت:(فرمانی رابوردوو باسی کارێک دەکات کە نە ئێستا و نە لەمەودوا روو بدات تەنها لە کاتێکی دیاریکراودا لە رابوردوودا رویدابێت). (شاڵی،١٩٧٦: ٤).

ئەو کارەیە سەردەمی ڕوودانەکەی، پێش دووان کەوتبێ.
بە پێی پێناسینەکە کاتی قسەکردن سنوورە بۆ دەستنیشانکردنی کاتی رابردوو، بە واتایەکی دی هەر کارێک کاتەکەی پێش قسەکردن بکەوێ دەبێ لە رووی کاتەوە رابردوو بێ. (زەنگنە، ١٩٨٩: ٣٣).

لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی کاری رابردوو پەنا دەبرێتە بەر چاوگ ئەمیش بە لابردنی (ن) چاوگ ساز دەبێت، لەم حاڵەتەشدا کاری رابردووی نزیک دروست دەبێت، کە بە یەکێک لەم پێنج مۆرفیمانە (وو، ی، د، ا، ت) کۆتاییان دێت. (خۆشناو،٢٠١٥: ٨١) .

لە کۆی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین:
کاری رابردوو لە زمانی کوردیدا ئەو کارەیە کە لە کاتی ئاخاوتن کارەکە کۆتایی هاتووە واتە ڕوودانی دەکەوێتە پێش دەمی ئاخاوتن، بۆ نموونە: بردم، بردبوم، دەمبرد...هتد.

## کاری ڕانەبردوو:

ئەو کارەیە، کە ڕوودانەکەی دەکەوێتە دوای ئاخاوتن، واتا کارەکە ڕووی نەداوە، یان ئێستا ڕوودەدات یان لە داهاتوودا. (خۆشناو،٢٠١٥: ٨٦) .

کرداری ڕانەبوردوو ئەو کردارەیە، کە پرۆتسێسی رودانێک لە دەمی ئاخاوتن یاخود دوای ئاخاوتندا نیشان دەدات. (مارف،٢٠١٤: ١٩٢).

لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی کاری ڕانەبوردوو، پەنا دەبرێتە بەر (ڕەگی ڕانەبوردوو) و مۆرفیمی ئەرێی ڕانەبوردوش دەکەوێتە پێش ڕەگەکە و جێناوی لکاویش بە کارەکەوە دەنوسێت.

واتا یاساکەی بەم شێوەیە:
مۆرفیمی ئەرێ (دە) + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاوی بێ هێز
نمونە:مۆرفیمی ئەرێ (دە) + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاوی بێ هێز
خواردن: دە + خۆ + م = دەخۆم
شوشتن: دە + شۆ + یت= دەشۆیت
شکان: دە + شکێ + ێت= دەشکێت
چوون: دە + چ + ین= دەچین
کڕین: دە + کڕ + ن= دەکڕن
خوێندن: دە + خوێن + ن =دەخوێنن
(خۆشناو،٢٠١٥: ٨٦) .

یاسای بنەڕەتی کرداری ڕانەبردوو لە سێ مۆرفیمی ڕەگی کردار و کاتی ڕانەبردوو و جێناوی لکاو پێکهاتووە و بە گۆڕینی هەر یەکێکیان فۆرم و واتای کردارەکە دەگۆڕێت، جێناوی لکاویش کە کەس و ژمارە نیشان دەدات، لە کرداری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا هەمیشە لە دەستەی (م– ین) دەبێت.
بۆ نمونە:
دەنوسم : تێپەڕە
دەفرۆشین: تێپەڕە
دەخەوم: تێنەپەڕە
دەڕۆین : تێنەپەڕە
(عەول، ٢٠١٠: ٣٣٩)

**فۆرمی کاتی رانەبوردوو دەکرێ بۆ ئەم مەبەستانە بەکاربهێنرێن:**

1. پرۆتسێسی ڕوودان لە کاتی ئاخاوتندا:

- من گریە، ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین
من لەعلی بەدەخشان و، ئەتۆ لوئلوئی لالا

(نالی، ١١٥)

2. پرۆتسێسی ڕوودان لە کاتی ئایندەدا:

- کە دادی یەئسی خۆمم بردە لا، ئەم عارفە توند بوو
وتی ئاخر سبەینێ جەژنە، خوێنی تۆ لە پێ دەگرم

(مەحوی، ل ٢١٨)

3. گێڕانەوەی ڕوودانێک لە ڕابوردوودا ڕووی دابێ:

- پار کە لە شەقڵاوە بووم لەپڕ دەبینم ئازاد بەرەو پیرم دێ.

4. پرۆتسێسی درێژەپێدان و بەردەوامی و دووپاتبوونەوە:

- ئەی باڵداری ئێسک سووک،
بلبلی دەنوو بچووک
باغچە بە باغچە ئەفڕی

(گۆران،ل١٠٣)

5. پرۆتسێسی ڕوودانی کارێک کە ڕاستی یێک نیشان بدا. ئەو ڕاستیەش دەشێ هەمیشەیی بێ و هەرسێ کاتەکە(ئێستا و ئایندە و ڕابوردوو) وەک یەک بگرێتەوە:

- تا پیرێ ئەمرێ، هەزار جوان ئەمرێ

(پەندی پێشینان، ل ١٤٦)

(مارف،٢٠١٤: ١٩٤-١٩٦).

**عبدالله شاڵی دەڵێت فرمانی رانەبوردوو بۆ ئەم ئامانجانە بەکاردێت:**

- بۆ ئێستا ، وەک: ئێستا دەچم ئاشتی دەکەمەوە ، چاوم دێشێت.
- کارێک کە لە رابوردووەوە بەردەوام بێت، وەک: هەڤاڵ هەموو بەیانی یەک وەرزش دەکات ، رۆژ لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدێت و لە رۆژئاواوە ئاوا دەبێت.
- کارێک کە لەمەودوا روو بدات، وەک: سبەینێ دەچم بۆ بەسرە ، نەختێکی تر دەرۆینەوە. (شاڵی،١٩٧٦: ٤).

بۆ نەرێ کردنی کاری رانەبردوو، ئەوا مۆرفیمی (نا) دەچێتە شوێنی (دە) و دەیکات بە نەرێ. (خۆشناو،٢٠١٥: ٨٧) .

بۆ نمونە:

| ئەرێ | نەرێ |
|---|---|
| دەچم | ناچم |
| دەبەیت | نابەیت |
| دەکرێت | ناکرێت |
| دەخەوین | ناخەوین |
| دەسووتێن | ناسوتێن |
| دەخوێنن | ناخوێنن |

فرمانی رانەبردوو لە گفتوگۆدا پاشگری (ێت) دەتوانرێت لابرێت و ببێت بە (ێ) وەک: دەنوسێت – دەنوسێ، دەکرێت – دەکرێ (شاڵی،١٩٧٦: ٤).

## چەمک و زاراوەی رابردوو:

زاراوەی رابردوو بۆ کارێک بەکاردێت کە پێش دەمی ئاخاوتن رویداوە و کۆتایی پێ هاتووە، واتە بە شێوەیەکی گشتی باس لە کردن یان نەکردنی کارێک دەکات کە بەر لە دەمی قسە کردن رویداوە،
لە زمانی کوردی چەند زاراوەیەکی بۆ بەکار هاتووە لەوانە: (رابردوو، رابوردوو)، هەروەها لە زمانی عەرەبی زاراوەی (ماضي) بۆ بەکاردێت، لە زمانی ئینگلیزیش زاراوەی (past) بۆ بەکاردێت، لە زمانی فارسیش زاراوەی وەکو: (ماضی، گذشته) بۆ بەکاردێت.

## پێناسەی دەمی رابردوو:

دەمی رابردوو ئەو کردارەیە کە ئاماژە بە ئەنجامدانی کارێک دەکات کە لە رابردوو رویداوە، یاخود دەتوانین بڵێینلە پێش کاتی باسکردنەکەیدا ئەنجام دراوە. واتە دەمی رابردوو کارێکە کە لە رابردوو رویداوە و تەواو بوە و کاتەکەی دەکەوێتە پێش ئاخاوتن.
کاری رابردوو چەند جۆرێکی هەیە لەوانە: (رابردووی نزیک، رابردووی بەردەوام، رابردووی تەواو، رابردووی دوور).

## تایبەتمەندیەکانی دەمی رابردوو:

1. لە کاتی رابردوودا کرداری تێنەپەڕ جێناوی بێ هێز وەردەگرێ و کرداری تێپەڕیش جێناوی بەهێزی دەخرێتە سەر.

2. کردار کە تێنەپەڕ بوو چ سادە بێ و چ داڕێژراو و چ لێکدراو لە گشت حاڵەتێکی رابردوودا –واتە (نزیک، بەردەوام، تەواو، دوور)بێ، جێناو لە کۆتاییەوە دێت.

3. هاتنی جێناوی لکاو لەگەڵ کرداری تێپەڕدا بە دوو جۆر دەبینرێ:

a. ئەگەر کردارەکە سادە بێ لە حاڵەتی رابردووی نزیک و رابردووی تەواو و رابردووی دووردا دەکەوێتە کۆتایی و لە حاڵەتی رابردووی بەردەوامدا لە پێش قەدی کردارەکەوە دێت.

b. بێتو کردارەکە نادسادە ( داڕێژراو یان لێکدراو) بێت، لە حاڵەتی رابردووی نزیک و رابردووی تەواو و رابردووی دووردا دەکەوێتە سەرەتای قەدی کردارەکە، بەڵام لە حاڵەتی رابردووی بەردەوامدا لە پێش نیشانەی (دە/ئە)ەوە دێت.(مارف،٢٠١٤:٢٠٩-٢١٠).

# بەشی دووەم:

## جۆرەکانی دەمی رابردوو لە زمانی کوردیدا:

لە زمانی کوردیدا دەمی رابردوو چوار جۆری هەیە، کە ئەوانیش:

### 1. رابردووی نزیک:

ئەو وشەیەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی فرمانێ ئەکا لە زەمانی رابردوودا. (ئەمین،٢٠١٤: ١٦٧) .

فۆرمی رابردووی نزیک بە گشتی ڕوودانێک رادەگەیەنێ، کە لە کاتی رابردوودا ڕوویدابێ و کۆتایی هاتبێ. (مارف، ٢٠١٤: ٢٠٢).

د.وریا عمر ئەمین دەڵێت دەمی رابردوی نزیک واتە: (ڕووی دا بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بە هیچ ڕووداوێکی ترەوە هەبێ). (ئەمین،٢٠١٦: ٢٦).
واتە: دەمی رابردووی نزیک لە کاتێک لە رابردوو رویداوە و کۆتایی پێهاتوە و پەیوەندی بە هیچ ڕووداوێکی تر نیە، بۆ نمونە: (دوێنێ نانم خوارد) لێرەدا کاری خوارد لە دەمی رابردووی نزیکە و کارێکە لە رابردووێکی نزیک رویداوە و تەواو بوە و پەیوەندی بە هیچ ڕووداوێکی ترەوە نیە.

کەرەستەی بنەڕەتیی فۆرمی کاتی رابردووی نزیک قەدی کردار و جێناوی لکاوە. (مارف، ٢٠١٤: ٢٠٠).

شێوازی رۆنانی رابردووی نزیک بریتییە لە: {(چاوگ – ن)
بۆ نمونە:
چاوگــن = رابردووی نزیک
خوێندن ــن= خوێندم
رۆیشتن ــن = رۆیشتیت
سوتانــن = سوتا
چوونــن = چووین
کڕین ــن = کڕیتان
هاتن ــن = هاتن

- لە دەمی رابردووی نزیک جێناوە لکاوەکان بە یەک شێوە دەردەکەون کە ئەوانیش دەکەونە کۆتایی کارەکە، بۆ نمونە: (کردم ، شوشتیان).

## 2. رابردووی بەردەوام:

ئەو فرمانەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕوودان و ئیستیمراری فرمانێ ئەکا لە زەمانی  رابردوودا. (ئەمین،٢٠١٤: ١٧٣) .

ئەم جۆرە فۆڕمە ڕووودانێکی رابردووی وا ڕادەگەیەنێ کە پڕۆتسێسەکەی بەردەوام بێ و کۆتایی دیار نەبێ، یان بۆ دووبارە بوونەوەی کارێک لە رابردوودا.(مارف، ٢٠١٤: ٢٠٤).

لە کاتێکی دەست نیشانکراو لە رابردوودا لە ڕوودان‌دا بوو. (ئەمین،٢٠١٦: ٢٦)
واتە: دەمی رابردووی بەردەوام لە کاتێک لە رابردوو لە بەردەوام بوندا بوە لە ماوەیەکی دیاریکراو، بۆ نمونە: (یاریم دەکرد)، یاخود وەکو کارێکی رۆژانە و بەردەوامی بەکاردێت بۆ نمونە: (پێشتر هەموو رۆژ وەرزشم دەکرد).

کەرەسەی بنەڕەتیی فۆڕمی کاتی رابردووی بەردەوام بریتییە لە نیشانەی (دە/ئە) و قەدی کردار و جێناوی لکاو. (مارف، ٢٠١٤: ٢٠٣).

شێوازی رۆنانی رابردووی بەردەوام بریتییە لە: (دە + رابردووی نزیک)
بۆ نمونە:
دە+ رابردووی نزیک = رابردووی بەردەوام
دە  + کەوت  = دەکەوتم
دە+  نوسی  = دەتنوسی
دە +  برد= دەیبرد
دە+  هات= دەهاتین
دە +  بڕی= دەتانبڕی
دە  + ڕۆیشت =  دەڕۆیشتم

- لە دەمی رابردووی بەردەوام جێناوە لکاوەکان بە دوو شێوە دەردەکەون:

1. ئەگەر کارەکە تێپەڕ بوو ئەوا جێناوە لکاوەکان دەکەونە دوای نیشانەی (دە)، بۆ نمونە: (دەمبرد ، دەتان نوسی).
2. ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو ئەوا جێناوە لکاوەکان دەکەونە کۆتایی کارەکەوە، بۆ نمونە: (دەچووین ، دەشکان).

## 3. رابردووی تەواو:

نوری عەلی ئەمین دەڵێت: (رابردووی تەواو ئەو کارەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردوویەکی نە زۆر دوور و نە زۆر نزیکدا دەکات). (خۆشناو،٢٠١٥: ٨٥) .

ئەم جۆرە فۆرمی رابردوو، ئەگەرچی دەتوانێ چەند حاڵەتێکی جۆراوجۆر دیاری بکا، بەڵام بە زۆری ئەنجامی ڕوودانێک ڕادەگەیەنێ، کە ئەسەر و ئەنجامی لە کاتی ئێستادا هەبێ. (مارف، ٢٠١٤: ٢٠٧).

ئەو وشەیەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێ ئەکا، لە رابردوویەکی نزیکا. (ئەمین،٢٠١٤: ١٦٩) .

کەرەستەی بنەڕەتیی فۆرمی رابردووی تەواو بریتییە لەقەدی کردار و نیشانەی (وو) و جێناوی لکاو یاخود دەشێ بوترێ لە گەشەپێدانی فۆرمی ناوی کاراوە دروست بووبێ.(مارف، ٢٠١٤: ٢٠٥).

شێوازی رۆنانی رابردووی تەواو بریتییە لە: (رابردووی نزیک + وە)
بۆ نمونە:
رابردووی نزیک + وە = رابردووی تەواو
کرد + وە = کردوومە
خوارد + وە = خواردووتە
شکا + وە = شکاوە
شوشت + وە = شوشتوومانە
هات + وە = هاتوون
فڕی + وە = فڕیون

- لە دەمی رابردووی تەواو جێناوە لکاوەکان بە دوو شێوە دەردەکەون:

1. ئەگەر کارەکە تێپەڕ بوو ئەوا جێناوە لکاوەکان دەکەونە نێوان نیشانەی (و – ە) ەوە، بۆ نمونە: (خوێندومە).
2. ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو ئەوا جێناوە لکاوەکان دەکەونە کۆتایی کارەکەوە، بۆ نمونە: (کەوتووم).

- ئەگەر کاری رابردووی نزیک کۆتایی بە مۆرفیمەکانی (ت ، د) هاتبوو، ئەوا بۆ کاری رابردووی تەواو مۆرفیمی (ووە) وەردەگرێت، بەڵام جۆرەکانی تر مۆرفیمی (وە) وەردەگرن. (خۆشناو، ٢٠١٥: ٨٥) .

## 4. رابردووی دوور:

ئەو وشەیەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕووادنی کارێ بکا، لە ڕابردوویەکی دوورا. (ئەمین،٢٠١٤: ١٧١) .

فۆرمی کرداری رابردووی دوور ڕوودانێک ڕادەگەیەنێ، کە ڕوودانەکەی پێش ڕوودانی کردارێکی دی بکەوێ. بۆ نمونە کە دەڵێین: (کاتێ چووین بۆ لای ئازاد، نوستبوو)، ئەوە ئاشکرا دیارە کە (نوستن)ی ئازاد پێش (چوون)ی ئێمە کەوتووە، واتە بەر لەوەی بچینە لای ئازاد، ئەو نوستبوو.
هەروەها ئەوەش نیشان دەدا کە ئەو ڕوودانە دەشێ پێوەندی بە کاتێکی دیاریکراوەوە هەبێ، لەم هەل و مەرجەدا دەکرێ لە پێش فۆرمی ناو براوەوە وشەی سەر بە بارودۆخی، وەک: (دوێنێ، پێرێ، پار، پێرار...) بەکاربهێنرێ، بۆ نمونە: ئازاد پار هاتبوو بۆ بەغدا. (مارف، ٢٠١٤: ٢٠٩).

رووی دا و بڕایەوە بەڵام تەئسیری مایە کاتێکی دەست نیشان کراو لە ڕابردوودا. (ئەمین،٢٠١٦: ٢٦)

کەرەسەی بنەڕەتیی فۆرمی رابردووی دوور بریتییە لە قەدی هەر کردارێک و قەدی کرداری (بوون) و جێناوی لکاو.(مارف، ٢٠١٤: ٢٠٧).

شێوازی ڕۆنانی رابردووی دوور بریتییە لە: (رابردووی نزیک + بوو)
بۆ نمونە:
رابردووی نزیک + بوو = رابردووی دوور
کەوت + بوو = کەوتبووم
گرت + بوو= گرتبووت
چوو + بوو= چووبوو
سووتا + بوو= سووتابووین
خوارد + بوو = خواردبووتان
کوشت + بوو = کوشتبوویان

لە دەمی رابردووی دوور جێناوە لکاوەکان بە یەک شێوە دەردەکەون کە ئەوانیش دەکەونە کۆتایی کارەکە، بۆ نمونە: (ڕۆیشتبووین ، کڕیبووتان).

بۆ نەرێ کردنی کاری رابردوو لە هەموو جۆرەکان، نیشانەی (نە) وەردەگرێ، کە دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی کارەکە. (خۆشناو،٢٠١٥: ٨٥) .
بۆ نمونە:

| ئەرێ | نەرێ |
|---|---|
| خوێندم | نەمخوێند |
| دەتکڕی | نەتدەکڕی |
| سووتاون | نەسووتاون |
| هاتبووین | نەهاتبووین |

## جۆرەكانی دەمی رابردوو لە زمانی فارسیدا:

لە رێزمانی زمانی فارسیدا بە شێوەیەكی گشتی دابەشكردنی جیاواز بۆ جۆرەكانی دەمی رابردوو كراوە، بەڵام ئەوەی كە لە هەمویان باوترە رێزمان نوسەكان دەمی رابردوو بۆ ٧ جۆر دابەش دەكەن كە ئەوانیش:

1. ماضي مطلق : رابردووی سادە
2. ماضي نقلی : رابردووی تەواو
3. ماضي بعيد : رابردووی دوور
4. ماضي استمراری : رابردووی بەردەوام
5. ماضي التزامی : ـــ
6. ماضي أبعد : ـــ
7. ماضي نقلی استمراری : ـــ

## 1) ماضی مطلق:

ئەم رێژەیە ئەو كاتە نیشان دەدات كە كارەكەی تێدا ئەنجام دراوە و تەواو بوە، ئەم تەواو بوونە لەوانەیە پێش ساتێک، یان هەفتەیەک، یان چەند ساڵێک بوو بێت.
رۆنانەكەشی بەم شێوەیەیە: (چاوگ – ن) = دەبێتە كەسی سێیەمی تاک، چونكە كەسی سێیەم مۆرفیمی كەسی لكاوی نیە. واتە (شناسە) هەڵ ناگرێت. یاخود دەتوانین بڵێین رۆنانەكەی بریتیە لە:
(بن ماضی + شناسە = ماضی مطلق)
(رەگی رابردوو+ جێناوی لكاو = رابردووی سادە).
(سەعید، ٢٠١٣: ٢٢٥).

بۆ نمونە: بن ماضی + شناسە = ماضی مطلق
رفتن: رفت + م = رفتم
شستن: شست + ی = شستی
پختن: پخت + - = پخت
خوردن: خورد + یم = خوردیم
فهمیدن: فهمید + ید = فهمیدید
خریدن: خرید + ند = خریدند

بە شێوەیەكی تر دەكرێ بڵێین یاسای دروست بوونی ئەم جۆرەی رابردوو بەم شێوەیە:
(ریشەی گذشتەی فعل + شناسەها = ماضی مطلق)
(رەگی رابردووی كار + جێناوەكان = رابردووی سادە)
نمونە: رفتن : رفت + م = رفتم. (جعفری، ١٣٩٢: ٣٣).

بۆ نەرێ كردنی كاری رابردووی سادە (ماضی مطلق) لە زمانی فارسی ئەوا نیشانەی (ن) نەرێ وەردەگرێ و دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی كارەكە، بۆ نمونە: رفتم–ئەرێ... نرفتم- نەرێ

## 2) ماضي نقلی:

ئەم ڕێژەیە هەندێ جار پەیوەندی بە کاتی ئێستاوە هەیە، چونکە کارەکە لە ڕابردوو دەست پێ دەکات و تا کاتی ئێستا بەردەوام دەبێت. ئەم کارە هەرچەندە لە ڕابردوو تەواو دەبێت، بەڵام کاریگەری تا کاتی ئێستا دەمێنێتەوە، ئەم دیاردەیەش وای کردوە لە هەندێ زماندا بە ڕانەبردووی تەواو دابنرێت. (سەعید، ٢٠١٣: ٢٢٥-٢٢٦).

لەم ڕێژەی ڕابردوودا ئاوەڵناوی کراو(صفت مفعولی) بەشداری لە دروست بونی ڕۆنانەکەیدا دەکات صفت مفعولی شێوازی دروست بونی بریتییە لە: (بن ماضی + (ه) غیر ملفوظ)
کەواتە ڕۆنانی ئەم ڕێژەیە بەم جۆرەیە:
(صفت مفعولی + شناسەهای ماضی نقلی= ماضی نقلی)
(ئاوەڵناوی کراو + جێناوە لکاوەکانی ڕابردووی تەواو= ڕابردووی تەواو).

بۆ نمونە: صفت مفعولی + شناسە = ماضی نقلی
خواندن: خوانده + ام = خوانده ام
شنیدن: شنیده + ای = شنیده ای
نوشتن: نوشته + است = نوشته است
گفتن: گفته + ایم = گفته ایم
کردن: کرده + اید = کرده اید
دیدن: دیده + اند = دیده اند

ماضی نقلی لە دروست بوونی صفت مفعولی (ئاوەڵناوی کراو) کارە سەرەکیەکە (قەدی ڕابردوو) لەگەڵ زیادکردنی (بیان حرکت / (ه) غیر ملفوظ) و لەگەڵ کارە یاریدەدەرەکانی (ام، ای، است، ایم، اید، اند) دروست دەکرێت.
واتە شێوازی ڕۆنانی بەم شێوەیەیە:
(بن ماضی + ه + فعل کمکی = ماضی نقلی)
(قەدی ڕابردوو + ه + کاری یاریدەدەر = ڕابردووی تەواو)
نمونە: شکستن
شکست + ه + است = شکسته است
(گیوی، انوری، ١٣٩٣: ٣٠)

جێناوە لکاوەکانی ماضی نقلی بریتین لە: (ام، ای، است،ایم، اید، اند).

بۆ نەرێ کردنی کاریرابردووی تەواو (ماضی نقلی) لە زمانی فارسی ئەوا نیشانەی (ن) نەرێ وەردەگرێ و دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی کارەکە، بۆ نمونە:

| ئەرێ | نەرێ |
|---|---|
| خریده ای | نخریده ای |

## 3) ماضی بعید:

ئەم ڕێژەیە بە ناوەکەی دیارە کە کاتی ڕوودانی کارەکە لە ڕابردووی دووردایە.
ڕۆنانەکەشی بەم شێوەیەیە: ئاوەڵناوی کراوی دروست بوو لە کارەکە لەگەڵ ڕێژەکانی کاری ڕابردووی یاریدەدەری (بودن) لە شێوەی (بودم، بودی، بود، بودیم، بودید، بودند) دا، بەم شێوەیە:
(صفت مفعولی + ماضی مطلق(بودن) + شناسه).
(ئاوەڵناوی کراو + ڕێژەکانی بودن + جێناوی لکاو).
(سەعید، ۲۰۱۳: ۲۲٦).

بۆ نمونە: صفت مفعولی + ماضی مطلق (بودن) + شناسه = ماضی نقلی
فروختن: فروخته + بود + م = فروخته بودم
خوابیدن: خوابیده + بود + ی = خوابیده بودی
آمد : آمده + بود + - = آمده بود
گذاشتن: گذاشته + بود + یم = گذاشته بودیم
گرفتن: گرفته + بود + ید = گرفته بودید
دویدن: دویده + بود + ند = دویده بودند

ڕابردووی دوور لە (صفت مفعولی) ئاوەڵناوی کراوی کارە سەرەکیەکە و ڕابردووی سادەی کاری یاریدەدەری (بودن) دروست دەکرێت.
واتە یاساکەی بەم شێوەیەیە:
(بن ماضی + ە +ماضی مطلق (بودن) = ماضی بعید)
(قەدی ڕابردوو + ە + ڕابردووی سادە (بودن) = ڕابردووی دوور)
نمونە: خریدن
خرید + ە + بود + ی = خریدە بودی
(گیوی، انوری، ۱۳۹۳: ۳۵)

بۆ نەرێ کردنی کاری ڕابردووی دوور (ماضی بعید) لە زمانی فارسی ئەوا نیشانەی (ن) نەرێ وەردەگرێ و دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی کارەکە، بۆ نمونە:

| ئەرێ | نەرێ |
|---|---|
| فروخته بودیم | نفروخته بودیم |

## 4) ماضی استمراری:

ئەم رابردووە کاتێک نیشان دەدات کە بەردەوامی روودانی تێدایە لە رابردوودا. یان چەند جارێک ئەم کارە دووبارە بۆتەوە، یان دووبارە بوونەوەی کارێک نیشان دەدات کە وەکو رەوشتی لێ هاتووە. شێوەی رۆنانی ئەم کارە بە هەمان شێوەی رۆنانی کاری رابردووی سادەیە لەگەڵ زیادکردنی مۆرفیمی (می) بەردەوامی بۆ پێش کارەکە بەم شێوەیە:

(می + ماضی مطلق + شناسه)

(می + رابردووی سادە + جێناوی لکاو).

(سەعید، ٢٠١٣: ٢٢٧).

بۆ نمونە: می + ماضی مطلق + شناسه = ماضی استمراری

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بردن: | می | + | برد | + | م | = | می بردم |
| دادن: | می | + | داد | + | ی | = | می دادی |
| کاشتن: | می | + | کاشت | + | - | = | می کاشت |
| بوییدن: | می | + | بویید | + | یم | = | می بوییدیم |
| نوشیدن: | می | + | نوشید | + | ید | = | می نوشیدید |
| آوردن: | می | + | آورد | + | ند | = | می آوردند |

هەروەها دەتوانین یاسای دروست بوونی رابردووی بەردەوام بەم شێوەیە دەربېڕین:

(می استمرار + ریشه ماضی فعل + ضمیر فاعلی= ماضی استمرار)

( می بەردەوامی + ڕەگی رابردوو + جێناوی بکەر= رابردووی بەردەوام)

نمونە: فهمیدن

می + فهمید + یم = می فهمیدیم

(انزلی، ١٣٧٧: ٨٦).

بۆ نەرێ کردنی کاری رابردووی بەردەوام (ماضی استمراری) لە زمانی فارسی ئەوا نیشانەی (ن) نەرێ وەردەگرێ و دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی کارەکە، بۆ نمونە:

| ئەرێ | نەرێ |
|---|---|
| می خوابیدند | نمی خوابیدند |

## 5) ماضی التزامی:

ئەم ڕێژەیە لە ئاوەڵناوی کراوی دروست بوو لە کارەکە و ڕێژەکانی ڕانەبردووی الزامی کاری یاریدەدەری (بودن) دروست دەبێت. ڕێژەکانی (بودن)یش بەم شێوەیەن:
(باشم، باشی، باشد، باشیم، باشید، باشند)
واتە: (صفت مفعولی + مضارع التزامی از (بودن) + شناسه)
(ئاوەڵناوی کراو + ڕانەبردووی التزامی لە (بودن) + جێناوی لکاو)
(سەعید، ٢٠١٣: ٢٢٨).

بۆ نمونە: صفت مفعولی + مضارع التزامی از (بودن) + شناسه = ماضی التزامی
خواستن: خواسته + باش + م = خواسته باشم
پرسیدن: پرسیده + باش + ی = پرسیده باشی
ساختن: ساخته + باش + د = ساخته باشد
رسیدن: رسیده + باش + یم = رسیده باشیم
انداختن: انداخته + باش + ید = انداخته باشید
دانستن: دانسته + باش + ند = دانسته باشند

شێوازێکی تری ڕۆنانی ئەم جۆرەی ڕابردوو بەم شێوەیە:
(ریشەی گذشته + ه (صفت مفعولی) + باش + شناسه = ماضی التزامی)
(ڕەگی ڕابردوو + ه (ئاوەڵناوی کراو) + باش + جێناو = ڕابردووی التزامی)
نمونە: گفتن
گفت + ه + باش + ید = گفته باشید
(جعفری، ١٣٩٢: ١٠٩).

بۆ نەرێ کردنی کاری ڕابردووی التزامی (ماضی التزامی) لە زمانی فارسی ئەوا نیشانەی (ن) نەرێ وەردەگرێ و دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی کارەکە، بۆ نمونە:

| ئەرێ | نەرێ |
|---|---|
| دیده باشد | ندیده باشد |

## 6) ماضی أبعد:

ئەم ڕێژەیە ڕوودانی کارێک نیشان دەدات، کە لە ڕابردوویێکی زۆر دوور ڕووی داوە لە ڕێگای چیرۆک و گێرانەوەوە دەردەبڕێت و بەکاردێت. ڕۆنانی ئەم کارە بەم شێوەیەیە:
ئاوەڵناوی کراوی ڕۆنراو لە کارەکە لەگەڵ ڕێژەی ڕابردووی تەواوی کاری یاریدەدەری (بودن) ئەم ڕێژەیە دروست دەکەن. واتە:
(صفت مفعولی + ماضی نقلی (بودن) + شناسە)
(ئاوەڵناوی کراو+ڕابردووی تەواو (بودن) + جێناوی لکاو)
(سەعید، ۲۰۱۳: ۲۲۸-۲۲۹).

بۆ نمونە: صفت مفعولی + ماضی نقلی (بودن) + شناسە = ماضی أبعد

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شکستن: | شکستە | + | بودە | + | ام | = | شکستە بودەام |
| ایستادن: | ایستادە | + | بودە | + | ای | = | ایستادە بودە ای |
| ماندن: | ماندە | + | بودە | + | است | = | ماندە بودە است |
| نشستن: | نشستە | + | بودە | + | ایم | = | نشستە بودە ایم |
| خندیدن: | خندیدە | + | بودە | + | اید | = | خندیدە بودە اید |
| فرستادن: | فرستادە | + | بودە | + | اند | = | فرستادە بودە اند |

بە شێوەیەکی تر دەکرێ بڵێین یاسای دروست بوونی ئەم جۆرەی ڕابردوو بەم شێوەیەیە:
(بن ماضی + نیشانەی صفت مفعولی (ە) + ماضی نقلی (بودن) = ماضی ابعد)
(قەدی ڕابردوو + نیشانەی ئاوەڵناوی کراو (ە) + ڕابردوی تەواوی (بودن) = ڕابردووی دورتر)
نمونە: خوردن
خورد + ە + بودە اند = خوردە بودە اند
(گیوی، انوری، ۱۳۹۳: ۳٦)

جێناوە لکاوەکانی ئەم ڕێژەیە هەمان جێناوە لکاوەکانی ماضی نقلین کە بریتین لە:
(ام، ای، است، ایم، اید، اند).

بۆ نەرێ کردنی کاری ڕابردووی دوورتر (ماضی ابعد) لە زمانی فارسی ئەوا نیشانەی (ن) نەرێ وەردەگرێ و دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی کارەکە، بۆ نمونە:

| ئەرێ | نەرێ |
|---|---|
| خوردە بودە است | نخوردە بودە است |

## 7) ماضی نقلی استمراری:

ئەم ڕابردووە بە ناونیشانەکەیەوە دیارە لە دوو ڕێژە دروست بووە.
ڕابردووی تەواو + ڕابردووی بەردەوام
ڕۆنانی ئەم ڕێژەیە بەم شێوەیەیە:
(می + صفت مفعولی + شناسە = ماضی نقلی استمراری)
(می + ئاوەڵناوی کراو + جێناوی لکاو = ڕابردووی تەواوی بەردەوام)
واتە: مۆرفیمی (می) بەردەوامی دەچێتە سەر ڕێژەکانی ڕابردووی تەواو.
(سەعید، ٢٠١٣: ٢٢٩).

بۆ نمونە: می + صفت مفعولی + شناسە = ماضی نقلی استمراری
باریدن: می + باریده + ام = می باریده ام
سوختن: می + سوخته + ای = می سوخته ای
ترسیدن: می + ترسیده + است = می ترسیده است
پریدن: می + پریده + ایم = می پریده ایم
افتادن: می + افتاده + اید = می افتاده اید
رفتن: می + رفته + اند = می رفته اند

شێوازێکی تری ڕۆنانی ئەم جۆرەی ڕابردوو بەم شێوەیە:
(می + ماضی نقلی = ماضی نقلی استمراری)
(می + ڕابردووی تەواو= ڕابردووی تەواوی بەردەوام)
نمونە: خوابیدن
می + خوابیده + ام = می خوابیده ام
(انزلی، ١٣٧٧: ٨٨).

بۆ نەرێ کردنی کاری ڕابردووی تەواوی بەردەوام (ماضی نقلی استمراری) لە زمانی فارسی ئەوا نیشانەی (ن) نەرێ وەردەگرێ و دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی کارەکە، بۆ نمونە:

| ئەرێ | نەرێ |
|---|---|
| می شنیده ام | نمی شنیده ام |

## بەراوردی دەمی رابردوو لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا:

کاتەکانی کار رابردوو و رانەبردوو و ئایندەیە، کە لە هەموو زمانەکاندا هەیە، بەڵام رێژەکانی رابردوو و رانەبردوو و ئاینده لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ چونکە هەر زمانە رۆنانێکی تایبەتی هەیە
بۆ نمونە کاتی رابردوو لە زمانی کوردیدا لە چوار رێژەدا دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

1. رابردووی نزیک
2. رابردوویتەواو
3. رابردووی بەردەوام
4. رابردووی دوور

بەڵام لە زمانی فارسی حەوت رێژەی رابردوو هەیە، بەم شێوەیە:

1- ماضي مطلق
2- ماضي نقلی
3- ماضي بعيد
4- ماضي استمراری
5- ماضي التزامی
6- ماضي أبعد
7- ماضي نقلی استمراری

لە بەراوردکردنی رێژەکانی رابردوو لەو دوو زمانە بۆمان دەردەکەوێت لە چوار رێژەدا هاوبەشن، واتە رێژەی رابردووی نزیک و تەواو و بەردەوام و دوور لە هەردوو زماندا هەیە، بەڵام رێژەی ماضی التزامی و ابعد و نقلی استمراری تەنیا لە فارسیدا هەیە و لە کوردیدا نیە، بەمەش ئەم دوو زمانە لێک جیا دەبنەوە.
(سەعید، ٢٠١٣: ٢٧٨-٢٧٩)

هەرچەندە هەندێک رێزمان نوس دەمی رابردوو لە زمانی فارسی بۆ ٩ جۆر دابەش دەکەن و رێژەی (ماضی ملموس، ماضی نقلی ملموس) لەگەڵ رێژەکانی تر باس دەکەن، بەڵام ئەوەی رێزمانی نوێ لەسەری کۆکە و باوترە لە ئێستادا ئەوەیە کە دەمی رابردوو بۆ ٧ جۆر دابەش دەکەن وەک لەوەی کە لە سەرەوە باسمان کرد.

## لایەنی لێکچوونی دەمی رابردوو لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا:

1. لە ڕێژەی رابردووی نزیک لە هەردوو زماندا شێوازی ڕۆنانی بریتیە لە (چاوگ – ن).
بۆ نمونە لە زمانی کوردی:
چاوگ – ن = رابردووی نزیک
خوێندن – ن = خوێند
نمونە لە زمانی فارسی:
مصدر– ن = ماضی مطلق
رفتن– ن = رفت.

2. لە ڕێژەی رابردووی بەردەوام لە هەردوو زماندا شێوازی ڕۆنانیان بریتیە لە:
(نیشانەی بەردەوامی + رابردووی سادە)
نمونە لە زمانی کوردی: دەمخوارد
نمونە لە زمانی فارسی: می خوردم.

3. لە ڕێژەی رابردووی بەردەوام لە هەردوو زماندا نیشانەی بەردەوامی (دە، می) دەکەونە پێش کارەکەوە.
نمونە لە زمانی کوردی: دەهاتم
نمونە لە زمانی فارسی: می کردم.

4. لە ڕێژەی رابردووی دوور کەرەسەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو زمانەدا بەدی دەکرێت، ئەویش کاری یاریدەدەری (بوون) لە کوردی و (بودن) لە فارسی یە کە بەشداری لە ڕۆنانی ئەم ڕێژەیەدا دەکەن بەم شێوەیە:
کوردی: رابردووی سادە + کاری یاریدەدەری (بوون)
نمونە : ڕۆیشت + بوو = ڕۆیشتبوون
فارسی: ئاوەڵناوی کراو + ڕێژەکانی کاری یاریدەدەری (بودن)
نمونە : خوابیدە + بود = خوابیدە بودم.

5. لە ڕێژەی ماضی التزامی سەبارەت بە شێوازی ڕۆنان لە هەردوو زماندا لێکچوونێک هەیە، هەردوو زمانەکە پەنا دەبەنە بەر ڕێژەکانی (بوون) لە کوردی و (بودن) لە فارسی بەم شێوەیە:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| بم | باشم |
| بیت | باشی |
| بێت | باشد |
| بین | باشیم |
| بن | باشید |
| بن | باشند |

بۆ نمونە لە زمانی کوردی: هێمن نانی خواردبێت ، نمونە لە زمانی فارسی: شنیدە باشیم.

6. لە ڕێژەی ماضی التزامی لە هەردوو زماندا جێناوی لکاو دەلکێن بە ڕێژە جیاوازەکانی کاری (بوون) بۆ نمونە لە زمانی کوردی: من وانەکەم نوسیبێت ، نمونە لە زمانی فارسی: رسیدە باشند.

7. لە هەردوو زماندا بۆ نەرێ کردنی کاری ڕابردوو مۆرفیمی نەرێ (نە، ن) دەچێتە پێشەوەی کارەکە.

**لایەنی جیاوازی دەمی رابردوو لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا:**

1. لە رێژەی رابردووی نزیک لە زمانی کوردی جێناوی لکاوی بکەری بە دوو شێوە دەردەکەون، ئەگەر کارەکە تێپەر بوو ئەوا جێناوی بکەری دەچێتە سەر بەرکارەکە، بۆ نمونە: من کتێبەکەم کڕی
بەڵام ئەگەر تێنەپەر بوو ئەوا دەکەوێتە کۆتایی کارەکە، بۆ نمونە: ئەوان هاتن
بەڵام لە زمانی فارسی هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی کارەکە، بۆ نمونە: من بە بازار رفتم.

2. لە رێژەی رابردووی نزیک لە کەسی سێیەمی تاک لە زمانی کوردی گەر کارەکە تێپەر بوو ئەوا جێناوی لکاوی بکەری وەردەگرێت و دەچێتە سەر بەرکارەکەبۆ نمونە: کچەکە وانەکەی خوێند
بەڵام گەر کارەکە تێنەپەڕ بوو ئەوا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک بە دیار ناکەوێت،
بۆ نمونە: منداڵەکە خەوت
بەڵام لە زمانی فارسی کەسی سێیەمی تاک جێناو وەرناگرێت بۆ نمونە: برادرم لباس نو خرید.

3. نیشانەی رابردووی بەردەوام لە کوردیدا مۆرفیمی (دە) یە و هەمیشە دەکەوێتە پێش کارەکە،
بۆ نمونە: خانوەکەتان دەکڕی
بەڵام لە فارسیدا مۆرفیمی (می) یە و بە گشتی دەکەوێتە پێش کارەکە بۆ نمونە: تو بە خانە می رفتی.

4. لە رێژەی رابردووی بەردەوام لە زمانی کوردی جێناوی لکاوی بکەری بە دوو شێوە دەردەکەون، ئەگەر کارەکە تێپەر بوو ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە دوای بەرکارەکە، بۆ نمونە: ئێوە جلەکانتان دەشوشت
بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەر بوو ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە دوای کارەکەوە،
بۆ نمونە: ئێمە دەهاتین بۆ لاتان
بەڵام لە زمانی فارسی جێناوی لکاوی بکەری دەکەوێتە دوای کارەکەوە،
بۆ نمونە: ایشان از درس را می فهمیدند.

5. لە رێژەی رابردووی تەواو لە زمانی کوردی جێناوی لکاوی بکەری بە دوو شێوە دەردەکەون، ئەگەر کارەکە تێپەر بوو ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە دوای بەرکارەکە، بۆ نمونە: نانەکەت خواردووە
بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەر بوو ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە دوای کارەکەوە،
بۆ نمونە: ئەوان چوون بۆ دهۆک
بەڵام رابردووی تەواو لە زمانی فارسی جێناوی لکاوی بکەری دەکەوێتە دوای کارەکەوە،
بۆ نمونە: من کتاب خوانده ام.

6. لە رێژەی رابردووی تەواو لە زمانی کوردی شێوازی رۆنانی بریتیە لە (رابردووی سادە + وە)
بۆ نمونە: سوتاوە،
بەڵام لە زمانی فارسی ئاوەڵناوی کراو (صفت مفعولی) بەشداری لە رۆنانەکەیدا دەکات واتە شێوازی رۆنانی بریتیە لە: (ئاوەڵناوی کراو + جێناو) بۆ نمونە: گفتە است
کە ئەمەش خاڵێکی جیاکەرەوەیە لە نێوان ئەم دوو زمانە چونکە لە رابردووی تەواو لە زمانی کوردی ئاوەڵناوی کراو نیە، بەڵام لە زمانی فارسی هەیە.

7. لە ڕێژەی ڕابردووی تەواو لە زمانی کوردی جێناوە لکاوە بکەریەکان بریتین لە:
تێپەر: (م، ت، ی، مان، تان، یان) ، تێنەپەر: (م، یت، - ، ین، ن، ن)
بەڵام لە زمانی فارسی جێناوی لکاوی بکەری لە ڕێژەی ڕابردووی تەواو بریتین لە:
(ام، ای، است، ایم، اید، اند).

8. ماضی التزامی ئەم ڕێژەیە لەزمانی کوردی کەمتر بەکاردێت بە بەراورد بە زمانی فارسی.

9. لە ڕێژەی ماضی ابعد بە ڕای هەندێک لە ڕێزمان نوسان بە تایبەت (د.نسرین فەخری) پێی وایە ئەم ڕێژەیە کە کوردیدا هەیە بەڵام ڕادەی بەکارهێنانی کەم بۆتەوە، کە لەوانەشە لەبەر قورسی دوبارە کردنەوەی کاری یاریدەدەری (بوون) بێت، بەڵام لە زمانی فارسی وەک گشت ڕێژەکانی تر بەکاردێت شێوازی ڕۆنانی لە زمانی کوردیدا بەم جۆرەیە:
ڕابردووی دوور + کاری یاریدەدەری بوو = ڕابردووی دوورتر
نمونە: گرتبوو + بوو = گرتبوو بوو.

10. ڕێژەی ماضی نقلی استمراری ئەم ڕێژەیە تایبەتە بە زمانی فارسی و لە کوردیدا ئەم ڕێژەیە بەکار نایەت.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم ئەنجامانە:

1. لە ڕێژەی ڕابردووی نزیک لە نێوان هەردوو زماندا تا ڕادەیەک لێکچوون هەیە بۆ نمونە شێوازی ڕۆنانی هەردوکیان بریتیە لە (چاوگ – ن)، بەڵام ئەوەی خاڵی جیاوازیە لەم ڕێژەیە شوێنی جێناوی لکاوی بکەریە لە نێوان ئەم دوو زمانەدا.

2. لە ڕێژەی ڕابردووی بەردەوام لە نێوان هەردوو زماندا بە هەمان شێوە لێکچوون لە شێوازی ڕۆنانیان هەیە کە بەم شێوەیە لە هەردوو زمان (نیشانەی بەردەوامی + ڕابردووی نزیک) وە لە هەردوو زمان نیشانەی بەردەوامی دەکەوتە پێش کارەکەوە، وە لە زمانی کوردی نیشانەی بەردەوامی (دە) یە، بەڵام لە زمانی فارسی (می) یە.

3. لە ڕێژەی ڕابردووی تەواو لە کاتی بەراوردکردن لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو دوو ڕێژەیە تەواو لێک جیاوازن و هیچ خاڵی لێکچوونیان لە نێواندا نیە.

4. لە ڕێژەی ڕابردووی دوریش گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دوو زمانەدا چونکە لە هەردوو زمان کاری یاریدەدەری (بوون) لە کوردی و (بودن) لە فارسی بەشداری لە پێکهاتنی ڕۆنانەکەیدا دەکەن.

5. لە ڕێژەی ماضی ابعد لە نێوان هەردوو زمان خاڵی جیاکەرەوە بریتییە لەوەی کە ئەم ڕێژەیە لە کوردیدا زۆربەی ڕێزمان نوسەکان پێیان وایە کە ئەم ڕێژەیە کە زمانی کوردی بەکار نایەت، بەڵام د.نسرین فەخری پێی وایە ئەم ڕێژەیە لە زمانی کوردی هەیە بەڵام کەم بۆتەوە کە ئەمەش دەکرێت بەهۆی گرانی شێوازی دەربڕینەکەی بێت بەهۆی دوبارە کردنەوەی کاری یاریدەدەری (بوون)، بەڵام لە زمانی فارسی وەک گشت ڕێژەکانی تر بەکاردێت.

6. ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە لە بەراوردکردنی نێوان دەمی ڕابردوو لە نێوان ئەم دوو زمانەدا دەبینین ڕێژەی ماضی نقلی استمراری لە زمانی کوردی بە هیچ شێوەیەک بەکار نایەت، بەڵام لە زمانی فارسی بەکاردێت.

7. هەروەها گەر بە گشتی سەیری دەمی ڕابردوو بکەین لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا ئەوا دەبینین کە خاڵی جیاوازیان زۆرترە وەک لە خاڵی لێکچوون کە ئەمەش تایبەتمەندی هەر یەک لەم دوو زمانە دەردەخات.

# لیستی سەرچاوەکان:

## کتێبەکان:

١- ئەمین، نوری عەلی، (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢- ئەمین، وریا عومەر، (٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣- ئەمین، وریا عومەر، (٢٠١٦)، ڕێزمانی کاری زمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤- انزلی، حسن، (١٣٧٧)، دستور زبان فارسی، چاپ چهارم، شرکت چاپ و انتشار علمی، ارومیه.

٥- جعفری، فاطمه، (١٣٩٢)، دستور کاربردی، چاپ دوم، جلد دوم، انتشارات دانشگاه تهران، تهران.

٦- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا، (٢٠١٥)، ڕێزمانی کوردی، چاپی حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧- دزەیی، عەبدولواحید مشیر، (٢٠١٥)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی سێیەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، هەولێر.

٨- سەعید، یووسف شریف، (٢٠١٣)، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩- شاڵی، عبدالله، (١٩٧٦)، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فرمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

١٠- شوانی، رفیق، (٢٠١٤)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، کۆمەڵگای چاپخانەی داودی، کەرکوک.

١١- عەول، محمد عمر، (٢٠١٠)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە رووی دارشتن و ئەرکەوە لە کرمانجی خواروودا، ژمارە ٣، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

١٢- گیوی، حسن احمدی و انوری، حسن، (١٣٩٣)، دستور زبان فارسی١، ویرایش چهارم، انتشارات فاطمی، تهران.

١٣-مارف، ئەورەحمانی حاجی، (٢٠١٤)، رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم (کردار)، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

١٤- مەحویی، محەمەدی، (٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**نامەزانستیەکان:**

١- ئەحمەد، مزگین عەبدورەحمان، (٢٠١١) ، گەردانکردنی کار لە زمانی پەهلەوی و کوردیدا – کرمانجی سەروو.

٢- ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن، (١٩٩٥)، مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار.

٣- زەنگنە، مصطفی محمد، (١٩٨٩) ،کار و ئەرکی لە سینتاکسدا.

٤- عبداللە، مهاباد کامل، (١٩٩٦) ، کار لە کرمانی خوارو و هەورامی دا.